## تێبینی:

**ئەم فایلە، فایلێکی نموونەییە لە فەرهەنگی ڕەند و سەرجەمی بەرهەمەکە لە توێی دوو بەرگ و لە ١٠٨٠ لاپەڕەدا، لە وڵاتی سوید و لەلایەن چاپخانەی کوردستان 49pluss چاپ و بڵاوکراوەتەوە.**

# بەرگی یەکەم




www.49plusbooks.com

## سپاس بۆ سەرنجت.

**بۆ دەستخستنی فەرهەنگی ڕەند**، دەتوانی پەیوەندی بەم ئادرەسانەی خوارەوە بگری:

لە سۆشیاڵ میدیا Facebook, Gmail, Instagram : Rand Zarei, Randzarei@gmail.com

بۆ ئەو کەسانەی لە وڵاتی سوید دەژین لە شوێنی فەرمی کار دەکەن، لە ڕێگای سایتی:
https://www.laromedia.se

زانیاری زۆرتر لەسەر فەرهەنگەکە لەم دوو هەشتاگەدا بدۆزەوە:

#Ferhengi_Rend
#فەرهەنگی_ڕەند

ناوی کتێب: فەرهەنگی ڕەند
دانەر: ڕەند زارعی
بابەت: پەندی پێشینیان و ئیدیۆم
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم ۲۰۲۱
زمان: کوردی (ئەلفوبێی ئارامی)
قەوارە: 1092 لاپەڕە (دوو بەرگ)
چاپەمەنی: 49books
https://www.49plusbooks.com/
دیزاین و بەڕێوەبەری چاپ: شارۆخ ئەرژەنگی
نرخ: ۷۰۰ کرۆنی سویدی (هەروەها تێچووی پۆست بە پێی شوێنیش دەکەوێتە سەر نرخەکە)

# فەرهەنگی ڕەند ١

(٥٠،٠٠٠ پەندی پێشیان و ئیدیۆم - گەورەترین فەرهەنگی پەندی پێشینیان لە زمانی کوردیدا)

ڕەند زارعی

**Ferhengî Rend ١**

(٥٠،٠٠٠ Gotinen pêşîyan û îdîom – mezintrîn ferhengî gotinen pêşîyan û îdîom)

Rend Zarei

بە کوردی و بۆ کوردی

*Bi Kurdî û ji bo Kurdî*

**فەرهەنگی ڕەند** (بەرگی یەکەم و دووهەم)
ڕەند زارعی
زمان: کوردی - ئەلفوبێی ئارامی
دیزاین: شاروخ ئەرژەنگی
چاپی یەکەم، سوید ٢٠٢١
چاپەمەنی: ٤٩*books*
ISBN: ٩٧٨-٩١-٩٨٦٢٩٤-١-٥

**Rend Dictionary – I & II** Rend Zarei
Largest collection of proverb and idioms in Kurdish language (٥٠،٠٠٠ *proverb and idioms in Northern, Central, Southern, Gorani and Zazaki dialect and Luri*)
*Kurdish –Sorani Alphabet*
First published – ٢٠٢١
٤٩*books*
Printed in Sweden
ISBN: ٩٧٨-٩١-٩٨٦٢٩٤-١-٥

**بڤە:**
**هەموو مافێکی ئەم بەرهەمە بۆ نووسەر پارێزراوە.** هەر چەشنە لەبەرگرتنەوە و لێهەڵگرتنەوەیەکی وەک: لەبەرنووسینەوە، خوێندنەوە، چاپکردنەوە و بڵاوکردنەوەی ئەلەکترۆنی لە شێوەی پی.دی.ئێف، ڤیدیۆ یان وێنە، بەبێ ئیزنی نووسەر، ڕێگەپێدراو نییە و بەدواداچوونی یاسایی بۆ دەکرێ.
مافی کەڵکوەرگرتن، بە ئاماژەکردنی تەواو بە سەرچاوە، بۆ هەمووان پارێزراوە.

**Hamu mafên wê pirtûkê parastî ne**, be destûr nayê kopîkirin, PDF, wêna, xiwêndinên be denig û hemû core/varîyantêk kopîkirinek li wê berhemê.
Mafî çavkanî azade.

# پێڕست

**بەرگی یەکەم**


١ .سەرەتا.......... ٩
٢ .مێتۆدۆلۆژی.......... ١٠
کەی و چۆن دەستم پێکرد؟.......... ١٠
چلۆن ئەم فەرهەنگە بەرهەم هات؟.......... ١١
گۆڕینی ئەلفوبێ لە ئارامییەوە بۆ لاتین و بەپێچەوانە .......... ١٣
پێشتر لەم بوارەدا چ کراوە؟.......... ١٤
٣ .فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی.......... ٢٢
٤ .نێوکارێک لە زمانی کوردیدا.......... ٢٥
٥ .پەندی پێشینیان چیە؟.......... ٢٨
پێناسەی پەندی پێشینیان.......... ٣٣
٦ .ئیدیۆم چییە؟.......... ٣٥
پێناسەی ئیدیۆم.......... ٣٩
٧ .چەند لایەنێکی لێکۆڵینەوەیی لەمەڕ پەندی پێشینیان و ئیدیۆم.......... ٤٠
لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریcomparative study .......... ٤٠
چی پەندی پێشینیانە و چی ئیدیۆمە؟.......... ٤٤
پۆلێنە و دابەش کردن.......... ٤٦
پەندی پێشینیان.......... ٤٦
ئیدیۆم.......... ٥١
وەرگێڕان و وەرگرتن(Translating And Borrowing (loanword .......... ٥٢
پەندی پێشینیان.......... ٥٤
ئیدیۆم.......... ٥٧
کولتوور و پەندی پێشینیان و ئیدیۆم.......... ٥٨
پەندی پێشینیان و قسەی نەستەق.......... ٦٣
تێگەیشتن لە پەند و ئیدیۆم و، شیکردنەوەیان.......... ٦٤
٨ .هەڵسەنگاندنێک بۆ ئەم فەرهەنگە.......... ٦٨
پۆلێنەکردن و دابەشکردنی پەند و ئیدیۆمەکان لەم فەرهەنگەدا.......... ٧١
٩ .هاوتای پەندەکان.......... ٧٤
١٠ .فەرهەنگۆکی وشە.......... ٧٥
١١ .سەرچاوەکانی پێشەکی.......... ٧٨
کوردی.......... ٧٨
ئینگلیزی.......... ٨٠
نۆروێژی.......... ٨٢
فارسی.......... ٨٢

سپاسنامەی تایبەت بۆ هاوکارانی فەرهەنگی ڕەند: ........ ٨٤
ئا – ئە........ ٩١
ب........ ١٩١
پ........ ٢٧٩
ت........ ٣٠٨
ج........ ٣٤٣
چ........ ٣٦٠
ح........ ٣٩٣
خ........ ٤٠٠
د........ ٤٣٧
ر........ ٥٢٠
ڕ........ ٥٢٧

## بەرگی دووهەم

ز........ ٥٤٨
ژ........ ٥٦٣
س........ ٥٨٤
ش........ ٦٢٠
ع........ ٦٤٠
غ........ ٦٤٣
ف........ ٦٤٤
ڤ........ ٦٥١
ق........ ٦٥٤
ک........ ٦٧٣
گ........ ٧٤٨
ل........ ٧٨٨
م........ ٨٢٣
ن........ ٨٨٣
ه........ ٩١٦
و........ ٩٦٧
ی........ ٩٩٤
هاوتا........ ١٠٠٢
فەرهەنگۆک........ ١٠٦٢
سەرچاوەکانی بەشی فەرهەنگۆکی وشە ........ ١٠٨٢
چاڤکانییەکانی بەشی پەندی پێشینیان و ئیدیۆمەکان ........ ١٠٨٣

**ئەم بەرهەمە، دڵۆپێکە لە دەریایەک.**

## ١. سەرەتا

ئەدەب لەسەر دوو کۆڵەکە وەستاوە: ئەدەبی زارەکی و ئەدەبی نووسراو. ڕەنگە زمانی کوردی لە ئەدەبی نووسراودا زۆر لەپێش نەبێ، بەڵام بێ شک لە ئەدەبی زارەکیدا یەکێکە لەو زمانانەی لە چوارقوڕنەی دنیادا سەری لە ناو سەراندا دیارە. لە ناو ئەدەبی زارەکیشدا، زمانی کوردی لە پەندی پێشینیان و ئیدیۆمدا یەکجار زەنگینە. ئۆقیانووسێکە.

هەرچەندە زۆربەی لێکۆڵینەوە و کۆکراوەکانی پەندی پێشینیان و ئیدیۆم(بەرچاوڕوونی؛ لە سەرلەبەری ئەم بەرهەمەدا مەبەستمان ئیدیۆمی ڕستەییە.) لە زمانی کوردیدا لەم چەند دەیەی ڕابردوودا بوون، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە خەمخۆرانی زمانی کوردی لە ساڵی ١٧١١ی زایینییەوە، بە خەم کۆکردنەوەی پەند و ئیدیۆمەکانەوە بوون.

ئەگەرچی لە ئاستی دنیادا، مێژووی سەرقاڵبوونی مرۆڤ بە بابەتی پەندی پێشینیان بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن، واتە ٢٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، بەڵام زۆرینەی هەوڵە جیددییەکان لە کۆکردنەوەی پەندی پێشینیان بۆ دوو تا سێسەد ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێنەوە.

ئەگەرچی کورد تۆزێک درەنگ شانی وەبەر کۆکردنەوەی پەند و ئیدیۆمی زمانەکەی لە قەوارەی پەڕتووکدا داوە، بەڵام لە دوو دەیەی ڕابرووددا(لە ساڵی ٢٠٠٠ی زایینی بەملاوە)، باش وەخۆ کەوتووە و بەرهەمی بەپێز و جێی پێزانینی لەم بوارەدا خستۆتە بەردەستی خوێنەری کورد. بەوەشەوە، دیارە نابێ لەخۆبایی بین و، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەرچەندە کاری جیددی لەم بوارەدا کرابێ، هێشتاش هەر پێویستە هەوڵی زیاتر، بە بیرۆکە و پلانی بەرینتر و بۆ خزمەتی پتر بە زمانەکەمان بدەین و هەر تەنیا کار بۆ زار و ناوچەیەک نەکەین، بەڵکوو لەم بوارەدا، کار لەسەر قەوارەی گشتی زمانی کوردی و کوردستان بکەین و وەک یەک گرینگی بە هەموو زار و شێوەزارەکان بدەین.

ئەم فەرهەنگە هەوڵێکە بۆ کۆکردنەوەی میراتێکی زۆر و زەوەندی لە باوباپیرانمان بەجێماو. میراتێک بە هەموو شوێن و ناوچەیەکی کوردستاندا پرژاو. لە هەر گوند و ئاواییەک، لە هەر شار و ناوچەیەک، لە گشت زار و شێوەزار و ئاڤاییەک، یاقووتی پەند و ئیدیۆمی کوردی ڕژاون و لەو بارەوە هیچ بەش و شوێنێکی کوردستان لە بەش و شوێنەکەی دیکە هەژارتر نییە. کۆکردنەوەی ئەم گشتە یاقووتانە و لە تەنیشت یەکتری دانانیان، سەرمایە و خەزێنەیەکی بەنرخی زمانین و هۆشیاری و باوەڕبەخۆبوونی نەتەوەییمان دەبەنە سەر و پاراستنیان ئەرکێکی نیشتیمانییە.

لەم فەرهەنگەدا، زیاتر لە ٥٠ هەزار پەندی پێشینیان و ئیدیۆمی -ڕستەیی- کوردیی کۆکراوەتەوە. دڵنیام کورد زۆر لەوە زیاتری هەس، بەڵام هەر ئەو پەنجا هەزار پەند و ئیدیۆمەش بەسە بۆ ئەوەی لە دەوڵەمەندی زمانی کوردی تێبگەین.

ئەم فەرهەنگە لە چوار بەشی سەرەکی پێک هاتووە. **پێشەکی**یەک کە ئەرکی لێکۆڵینەوەیەکی لەسەرە و تێیدا باسم لە مێتۆدی کارکردن لەسەر ئەم فەرهەنگە کردوە و هێندێک زانیاریم لەمەڕ پەندی پێشینیان و ئیدیۆم تێتەپاندووە. بەشی **پەند و ئیدیۆمەکان** کە بەسەر زار و شێوەزارەکانی زازاکی، گۆرانی، لۆڕی، کوردیی باکوور، ناوەند و باشووری ئامادە و پۆلێنە کراون. بەشی **هاوتای پەندەکان** کە دەکرێ وەک فەرهەنگێکی کوردی-کوردی بۆ دۆزینەوەی هاوتای پەندەکان لە زارەکانی زمانی کوردیدا کەڵکی لێ وەربگیردرێ و هەروەها **فەرهەنگۆک**ێکی وشە کە یارمەتی خوێنەر دەدا تا ئەگەرکوو لە واتای پەندێک یان وشەیەک تێنەگەیشت، بەڵکوو لەوێ واتای وشەکانی دەست بکەوێ.

**٢. مێتۆدۆلۆژی**

کەی و چۆن دەستم پێکرد؟

تازە پێم لە ٢٠ساڵی نابوو (ساڵی ٢٠٠٠) کە خولیای کاری وەرگێڕان لە مێشکمدا چەکەرەی کرد. چەند ساڵ دواتر، بەبێ ئەوەی دەرفەتم بۆ خوێندنی زمانی کوردی لە ناوەند، قوتابخانە یان زانکۆ و شوێنێکی ئاکادێمیدا بۆ بڕەخسێ، ملم لە وەرگێڕانی فارسی بۆ کوردیی نا. پێشتریش لە پێشەکی چاپی فەرهەنگی پەندی کوردی (٢٠١٠ و ٢٠١٦)دا باسم کردوە، لە ماوەی کاری وەرگێڕاندا، لووتم بە لووتی پەندی وادا دەتەقی کە ئەگەر هۆگریی بۆ فێربوون و خزمەت بە زمانی کوردی نەبووایە، بێگومان هەر لەوێ سەروکلاوم لەگەڵ وەگێڕان تێک دەچوو و قەییمی کوتەنی هەر کەسەو بە ڕێی خۆیدا.

کوڵم نەدا. جاری وابوو بۆ هاوتای ئیدیۆم و پەندێک هەموو ئەوانی دەوروبەرم جاڕز دەکرد. کتێب و قوژبن نەما نەیدۆزم. مەڵۆیەک لە دیوانە شێعر، فەرهەنگی پەند، کۆنەکتێب، بەرهەمی نوسەر و وەرگێڕە زمان-پاراوەکانم لە خۆم کۆوە کردبوو. لاپەڕەی هەموویانم هەڵدەدایەوە، بەشکایەکوو، ئەگەر پەند یان ئیدیۆمێکم کەوتە بەرچاو لە تێنووسەکانمدا بیانووسمەوە. هاوکات دەستم دایە کۆکردنەوەی هەموو ئەو پەند و ئیدیۆمانەش کە بە هەڵکەوت لێرەولەوێ بەر گوێم دەکەوتن. پاش چەند ساڵان، بووخچەیەکی پڕ لە دەفتەری دەستنووس بە کۆڵەوە، بۆ چاپی ئەو بەرهەمە – تەنانەت ئەم بەرهەمەی ئێستاش کە لەبەر دەستتە - لە دەرگای زۆر ناوەند و چاپەمەنی ڕەقیم. بەرهەمی ئەو گشتە دۆزەدۆزە کە ببووە هەزاران پەند، جارێک لە باشووری کوردستان (شاری هەولێر) و لەلایەن دەزگای موزیک و کەلەپووری کوردی (٢٠١٠) و جارێکیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (شاری بانە) لەلایەن چاپەمەنی مانگ (٢٠١٦) لە ژێر ناوی فەرهەنگی پەندی کوردیدا چاپ و بڵاوکرایەوە.

**چلۆن ئەم فەرهەنگە بەرهەم هات؟**

ساڵی ٢٠٢٠، واتە نزیک بە ٢٠ ساڵ دوای ئەوەی بیری کۆکردنەوەی پەند و ئیدیۆمی کوردیم بە مێشکدا هاتبوو، جارێکی دیکە قۆڵم لە چاپی فەرهەنگەکە هەڵماڵی. دیارە ئەوەش بڵێم کە لە تەواوی ئەو ماوەدا، دوور و نزیک، کەم و زۆر و لە هەر شوێن و دەرفەتێکدا کە بۆم ڕەخسا بوو، پەندی پێشینیانم کۆکردبۆوە. بۆ وێنە لاپەڕەیەکی تایبەتیم لە فەیسبووک و ئینستاگرام هەر بە ناوی پەندی پێشینیان کردبۆوە و بە هەزاران کەس لایەنگری بوون و بەردەوام لە هەموو شوێنێکی کوردستانەوە پەند و ئیدیۆمی کوردییان بۆ دەناردم. ساڵی ساڵان نەمابوو و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک Facebook، ئینستاگرام Instagram، جیمەیل Gmail، واتزاپ Whatsapp ، تێلگرامTelegram و ڤایبر Viber وەها بڵاوببوونەوە کە هەموو کەس دەرفەتی پەیوەندی لەگەڵ یەکتری بۆ بڕەخسێ. ئەو گشتە ئەپ و ڕێگایە، ئەو دەرفەتەیان بۆ ڕەخساندم تا بتوانم لەلایەک پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە خەڵکی هەموو بەشەکانی کوردستانەوە بگرم و لەلایەکی دیکەشەوە، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەندی پێشینیان یان سەرچاوەی پەیوەندیدار بە پەندی پێشینیان دەست بخەم. نایشارمەوە، بەشی هەرەزۆری ئەو پەیوەندییانە بەرهەمی ڕۆحی هاوکاری، دڵسۆزی و خەمخۆری ئەو بەڕێزانە بوون بۆ زمانی کوردی و منیش لەم فەرهەنگەدا بە ئەرکی خۆمم زانیوە مافی هەمووان وەک پێویست لەبەرچاو بگرم. بۆیەش لە بەشی سەرچاوەکان و سپاسنامەکاندا ئاماژە بە ناوی کەسەکان، شوێنی نیشتەجێبوون و هەروەها شێوەی هاوکارییەکانیان کراوە.

قسە شەش و خۆش، نەک زۆر و بۆش. مێتۆدۆلۆژی و شێوازی کاری من بۆ کۆکردنەوەی پەند و ئیدیۆم هەم بە شێوەی مەیدانی بووە و هەم بە شێوەی تیۆری، واتە هەم بە کردە و پراکتیک هەوڵم داوە بۆ خۆم خەڵک بدوێنم و پەند و ئیدیۆمەکانی دەیڵێن کۆ بکەمەوە و هەمیش لاپەڕەی پەڕتووکانم هەڵداوەتەوە کە پێشتر بە هەر چەشنێک بووبێ ئەو پەندانە بە شێوەی دەق و نووسراو لەو پەڕتووکانەتدا تۆمار کراون. ئەوە سەرەڕای ئەوە کە ئەگەر دەرفەت و دەرەتانی ئەوەم هەبووبێ کە پەیوەندی بە نووسەری فەرهەنگ و کۆکراوەکانی پێشووتر بگرم، پەیوەندییم پێوە گرتوون و سەبارەت بە بەکارهێنانی بەرهەمەکەیان وەک سەرچاوە یان بۆ هەڵسەنگاندن و هاوکاری وەرگرتن بە تێروتەسەلی لەگەڵیان دواوم و ئیزنم لێ وەرگرتوون. هەر لەم پەیوەندییەدا، بە تایبەتی بۆ کوردیی باکوور - کرمانجی و کوردەکانی خۆراسان و ڕووسیە - بەردەوام هەم لەگەڵ خەڵک و خوێنەری شارەزای ئەم بوارە و هەم لەگەڵ نووسەر، ئامادەکار، ناوەند و چاپەمەنییەکان لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە پەیوەندییدا بووم.

ڕەنگە بۆ زۆرکەس جێی پرسیار بێ کە - لە کوردستانێکی داگیر و دابەشکراو و لە ناو کوردانی پرش و بڵاودا- چلۆن دەکرێ لە باری مەیدانییەوە خەڵکی زۆربەی ناوچە و زار و شێوەزارانە بدوێینین و هەوڵ بدەین پەند و ئیدیۆمی ئەو زار و بن-زارانە کۆ بکرێنەوە؟ وڵامدانەوە بەو پرسیارە ساکار نییە، بەڵام ئەگەر بۆتان باس بکەم من لە چ هەلومەرجێکدا توانیومە ئەو پەندانە کۆ بکەمەوە، ڕەنگبێ تەمی دڕدۆنگی زۆران لەو پەیوەندییەدا بڕەوێتەوە.

تازە هەژدە ساڵم پڕ کردبۆوە کە ڕووم لە باشوور کرد (ساڵی ١٩٩٩). بوومە پێشمەرگە و لە حیزبی دێمۆکڕاتدا دەرفەتی ئەوەم بۆ ڕەخسا کە پەیوەندییم لەگەڵ کوردی ئاخێوەری زار و شێوەزارەکانی لوڕی،

لەکی، کەلهوڕی، (واتە خەڵکی دەڤەرەکانی ئیلام و کرماشان و لوڕستان)، هەورامی، ئەردەڵانی، گەڕووسی، موکری، سۆرانی و شکاکی و کرمانجی بۆ ڕەخسا. بەختی ئەوەم هەبوو لە ناو ئەو خەڵکەدا کەسانێک بدۆزمەوە کە دڵسۆزانە کاتی خۆیان بۆ وتنەوە یان نووسینەوەی پەندی پێشینیان و ئیدیۆمی زار و زێدیان دادەنا. سەرەڕای ئەوە، هەم دەرەتانی کەڵکوەرگرتن لە پەڕتووکخانی گشتی و ناوەندەکانی دیکە و هەروەها تاکەکەسیی زۆر کەس و کەسایەتیی وەربگرم.

چەند ساڵ دوای چاپی یەکەم و دووهەمی کۆکراوەی پەندی پێشینیان - بەهۆی ئەوە کە پەڕیوەی دەرەوەی وڵات بووم- لە جاران زیاتر دەستم بە دنیای ئینتەرنێت ڕادەگەیشت و لە ڕێگای پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆوە، لە زۆر شوێنی کوردستانەوە پەند و ئیدیۆمم بۆ دەهات و هەموویانم کۆ دەکردەوە. بریا عەقڵی ئێستام هەبا و ناوی یەک بە یەکی ئەو کەسانەی لە سەرەتاوە هاوکارییان کردووم لە جێیەک تۆمار کردبایە تا هەمووان دیتبایەن چ تۆمارێکی ڕەنگین و دوورودرێژی لێ دەردەچوو. هەرچەندە بەخۆشییەوە ناوی گشت ئەو کەسانەم لەم نووسخەیەی ئەم فەرهەنگەدا نووسیوە کە لەم چەند ساڵەی دواییدا هاوکارییان کردوم. لیستی سپاسنامە بۆ ئەو کەسانە لە سەرەتای فەرهەنگەکەدا بە ناوی تەواوی کەسەکان، شوێن و هەروەها شێوەی هاوکارییەکانیان تۆمار کراوە. لە کورتی بیبڕێنمەوە، ئەزموونی کاریی من لەم بوارەدا ئەوەی پێ سەلماندم کە ڕۆح و هەستی هاوکاری و دڵسۆزی لە ناو کورددا بۆ کاری هاوبەش بەرز و بەهێزە و بە ڕێکخستنی تایبەتیی و لێکتێگەیشتنی پێویستەوە دەکرێ تەنانەت لە نەبوونی دەسەڵاتێکی خەمخۆر و فەرهەنگستانێک بۆ زمانی کوردییشدا کاری گەورە بکرێ.

لەباری تیۆریشەوە، بەخۆشییەوە دەرفەتی ئەوەم بۆ ڕەخساوە کە کەڵک لە پەڕتووکخانە و ئاڕشیوی گشتی و تاکەکەسی زۆر کەس وەربگرم. بۆیەش، لاپەڕەی گەلێک دیوانەشێعر، پەڕتووکی نووسەر و وەرگێڕی دیاری کوردم هەڵداوەتەوە و گەلێک پەند و ئیدیۆمی کوردیم لێ هەڵێنجاون. بەشێکی زۆر لەو سەرچاوانەم لە چاپی یەکەم و دوهەمی فەرهەنگەکە دەکار هێناون کە بەداخەوە نەمتوانیوە – و ڕەنگە پێویستیش نەبووبێ- ناوی یەک بە یەکی هەموو ئەو دیوانە شێعر و پەڕتووکانە بنووسم. هەر لەو پەیوەندییەدا، چ بۆ کۆکراوەکانی پێشوو و چ بۆ ئەم فەرهەنگە، کەڵکم لە گەلێک فەرهەنگی پەند، ئیدیۆم، وشە، دەستەواژە و تەنانەت لێکۆڵینەوە و کۆکراوەی کەلەپووری و کولتووری وەرگرتووە کە هەموو سەرچاوەکانی ئەم فەرهەنگە و هەروەها ناوی سەرچاوەکانی فەرهەنگەکانی پێشووم – هەرچەند بە کەموکورتیشەوە بێ- وەک خۆی نووسیوەتەوە.

بێگومان ئەو کەسانەی لە بواری پەندی پێشینیان و ئیدیۆمدا کاری لێکۆڵینەوە یان کۆکردنەوەیان کردوە دەزانن کە کارێکی لەم چەشنە، چەندی سەرنجڕاکێش و چێژبەخشە، هێندەش بە کێشە و گیروگرفتە (Taylor، ١٩٣٤، ل.). گرفتەکانی کارکردن لەم بوارەدا هەر تەنیا بەوە ناوەستێ کە پەندی پێشینیان و ئیدیۆم بارتەقای نەک هەر زمان و کولتوور و دابونەریت و مێژووی نەتەوەیەک پان و بەرینن، بەڵکو لایەنی لێکدانەوەی زمانەوانی، بیبیلۆگرافی، شیکاری، پۆلێنەکردنی پەند و دەستەواژەکانیش کارێکی هێندە قورس و ئاڵۆزە کە وەک دەڵێن کاری حەزرەتی فیلە. سەرەڕای ئەم گرفتانە، نەبوونی ناوەندێکی زانستی و

ئاکادێمی بۆ پشتیوانی لەم چەشنە کارەیلە و، نەبوونی سەرچاوەی پێویست و جێی باوەڕ و متمانە و، کەمیی و لاوازی لە لێکۆڵینەوەی تیۆریی لەمەڕ پەند و ئیدیۆم لەو گرفتەیلەن کە مرۆی لێکۆڵەر لەم بوارەدا لەگەڵیان شاخ بە شاخ دەبێتن (عەلیزادە، ١٣٩٤، ل. ٣٦). لە درێژەدا، لەم پەیوەندییەدا، وردتر باسەکە وەرد دەدەمەوە و سووکەئاوڕێکیش لە کۆکراوەکانی پێشووترم (ئیسماعیل زارعی، ٢٠١٠ و ٢٠١٦) دەدەمەوە و هەروەها هەڵسەنگاندنێکیش بۆ ئەم فەرهەنگە دەکەم.

گۆڕینی ئەلفوبێ لە ئارامییەوە بۆ لاتین و بەپێچەوانە

زمانیش وەک زۆر بابەتی دیکە لەم سەردەمەی ئێستادا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەکەوێتە ژێر کارتێکەری دنیای دیجیتاڵییەوە. تا دێ، ئینتەرنێت و کەلوپەلی ئەلەکترۆنی و ژێرەئامێرەکانی بەو گشتە نەرمەئامێرانەی بۆ فێربوون و فێرکاری زمان و هەموو چەشنە بابەتێکی دیکە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتر دەخزێنە ناو ژیانمانەوە و کاریگەری دەخەنە سەر بیرکردنەوە و دابونەریتمان و یەک لەوان زمانەکەمان. لە وەها سەردەمێکدا ئەگەر زانایان و شارەزایانی زمانی کوردی لە بواری دیجیتاڵی و ئینتەرنێتدا هەنگاوی جیددی نەنێن و جێ پێیەک بۆ زمانی کوردی نەکەنەوە، بێگومان لە داهاتوودا خەسارەکانی ئەم کەمتەرخەمی و کەمکارییە لەوە کەمتر نابن کە ئێستا ئێمە بە دەست نەبوونی زمانێکی یەکگرتوو و ڕێنووسێکی ستانداردەوە دەیچێژین.

لەم فەرهەنگەدا هەوڵدراوە کە بەپێی توانا کەڵک لەو تواناییە ئەلەکترۆنی و زانستییانە وەربگیردرێ. بۆ وێنە لە بەشی گۆڕینی پیتەکان لە عەڕەبییەوە بۆ سەر لاتین یارمەتییم لە هاوڕێ ئاسۆ مەحموودی وەرگرتووە کە لەم بوارەدا شارەزاییە و بەبێ ئەو بێگومان کارەکە هێندە خێرا و پاراو دەرنەدەچوو. بە پێویستی دەزانم، وەک مێتۆدۆلۆژی کارکردنم لەسەر بەرهەمهێنانی ئەم فەرهەنگەدا ئاماژە بە شێوەی کار و هاوکاری کاک ئاسۆ و کاک ئاران ئەمینی بکەم تا ئەگەر لە داهاتوودا کەسێک ویستی لەم بوارەدا یارمەتی لە کەسێکی شارەزای بواری کامپیوتێر و دیجیتاڵ وەربگرێ ئەم ئەزموونەی من ئەزموونێک لەبەردەستدا بێ، بەڵکوو لە باشتربوونی بەرهەمەکەی خۆیدا سوودی هەبێ.

شێوەی هاوکاری ئەو دوو هاوڕێیە بەمشێوە بوو: دوای یەکدەستکردنی فۆنت و گونجاندنی پەند و ئیدیۆمەکان لە پڕۆگرامی ئەکسێلدا، سەرەتا بژاری پەندە دووپاتبووەکانی کرد و پاشان کارمان لەسەر ئەوە کرد کە هەرچی پەندی دووپاتەیە لە فایلی گشتی فەرهەنگەکە دەربهاوێژرێن. دواتر سەرلەبەری دەقە بنەڕەتییەکە کە بە فۆنتی عەڕەبی بوو بۆ لاتین گۆڕدرا. لەم قۆناغەدا هەوڵدرا، بۆ پیتە جیاوازەکان کە لە کوردیی خواروو و هەورامیدا هەبوون لە بەشی لاتینەکەدا پیتی تایبەت دابنرێ. دوای پێداچوونەوە لەو قۆناغەش، کار لەسەر دابەشکاری پەندەکان بەسەر زار و بن-زارەکان کرا. هەڵەکان، ئەوەندەی کەوتە بەرچاو ڕاست کرانەوە و سەرلەنوێ پێداچوونەوە بۆ پەندەکان کرایەوە. لەگەڵ هەر جارێک زیادکردنی ڕێژەیەک پەندی نوێ دیسان پێداچوونەوە بە فایلی پەندەکان دەکرا و ئەم کارە چەند جار دووپات بۆوە. بە گشتی کاک ئاسۆ لە لاتینازیسیۆن و ڕێکوپێککردن و هەڵەچنی دەقەکەدا زۆر یارمەتیدەرم بوو. لەگەڵ هەموو ئەو ماندووبوونەش، بەشی لاتینەکەی کە بۆ باکووری کوردستان ئامادە کرابوو، بە هۆی کۆمەڵێک گیروگرفتی تایبەتییەوە، بەتایبەتیی کێشەی نەبوونی باری دارایی لەبار و هەروەها سیاسەت و پلانی کاریی

تایبەتیی، تایبەت بە چاپەمەنییەکان، پەکی کەوت و چاپی ئەم بەرهەمە بە شێوەی لاتینەکەی بۆ کاتێکی نادیار دواخرا (دیارە لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، چاپی ئەم بەرهەمە بەم شێوەیەش کە ئێستا لە بەردەستە، هەر دواجار کەوتە ئەستۆی خۆم). هەربۆیەش، بۆ ئامادەکاری چاپی فەرهەنگەکە تەنیا بە فۆنتی عەرەبی و بەمشێوەی کە ئێستا لەبەر دەستی خوێنەردایە، دیسان گۆڕانکارییمان لە سەرلەبەری فایلەکانمان کرد و بۆ ئەمجارەیان هاوڕێ ئاران ئەرک و زەحمەتەکەی کێشا. بۆیەش هەمیسان زانیارییەکانی وەک ڕێژە و کاری دابەشکاری و پۆلێنەکردن و خستنەوە سەر بەرنامەی ووۆرد کەوتە سەر شانی کاک ئاران.

ئاسۆ و ئاران لەوەشدا یارمەتیدەرم بوون تا سەرجەم پەندەکانی هێندێک شێوەزار و زار دەربێنین و بیدەین بە کەسانی شارەزا بۆ ئەوەی چاویان پێدا بخشێنن و لە ڕێنووس و نووسینەوەی پەندەکان بە شێوەیەکی دروست دڵنیا بین. مەبەستی من لەم باسکردنی ئەم بابەتە، وێڕای دەستخۆشی و پێزانین، ئەوەیە کە ئاماژە بەوە بکەم کە زمانی کوردیش پێویستی بە کاری بەکۆمەڵە و هەروەها پێویستە کەڵک لە زانستی سەردەم بۆ زیاتر و خێراتر بەرهەمهێنانی بەرهەمەکان وەربگرین، چونکە هەم کات و وزەیەکی زۆرمان بۆ دەگەڕێنێتەوە و هەمیش زمانەکەمان دێنێتە ڕیزی ئەو زمانانەی لە جیهاندا سەریان لە ناو سەراندا دیارە.

**پێشتر لەم بوارەدا چ کراوە؟**

ئەگەر دەستنووسە فۆلکلۆرییەکەی ئەرشیڤی ماتێناداران لە ڕووسیا کە لە ژمارە ٣٧٣ و لە لاپەڕەی ١١٩ و لە ساڵی ١٧١١ کە لە ئەرمەنستان بڵاوکراوەتەوە و پارێزراوە وەک یەکەم هەوڵ بۆ کۆکردنەوەی پەندی پێشینیان دابنێین، دەتوانین بڵێین کورد لە نزیک بە چوار سەدە لەمەوبەرەوە هەوڵی کۆکردنەوە و نووسینەوەی پەندی پێشینیانی لە زمانەکەی خۆیدا داوە (ئەبووبەکر، ٢٠٠٥، ل. ١٢) (کوردۆ، ١٩٧٦، ل. ٦). بەڵام ئەم هەوڵە هەوڵێکی بەربڵاو نەبووە و لە تۆمارکردنی ١٥ پەندی پێشینیان و قسەی نەستەقی کوردی زیاتر تێنەپەڕیوە و ناوی نووسەر یان تۆمارکەرەکەش دیار نییە (عەلیزادە، ١٣٩٤، ل. ١٦).

بە گشتی مێژووی کۆکردنەوەی پەند و ئیدیۆم لە ئاستی دنیاشدا بە شێوەی فەرهەنگ و لە قەوارەی لێکسیکانێکی گەورەدا زۆر کۆن نییە و مێژووەکەی بۆ دوو سەدە لەمەوبەر دەگەڕێتەوە (Mawlood، ٢٠١٧). ئەگەرچی باس لەوە دەکرێ کە لە یۆنانی کۆن و لە سەردەمی ئەرەستوو و ئیفلاتوونەوە بابەتی پەندی پێشینیان جێی باس و مشتومڕ بووە(Mieder، ٢٠٠٤)، بەڵام ئەوەی ڕوونە لە زمانی کوردیدا ئەم مێژووە نەک بۆ ڕابردوویەکی هەزار ساڵە، بەڵکە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە. لە ساڵی ١٨١٩، س. ئا. یەگیزارۆڤ، کۆمەڵێک تێکستی فۆلکلۆری لە تفلیس کۆکردۆتەوە کە کۆمەڵێکی پەند و قسەی نەستەقی کوردی تێدایە (ئەبووبەکر، ٢٠٠٥، ١٤).

ساڵی ١٩٠١، ئەلبەرت فۆن لکۆک سەردانی باکووری کوردستانی کردوە و کۆمەڵێک پەندی پێشینیان و قسەی نەستەق و چیرۆک و مەولوودنامە و نەوبەهاری ئەحمەدی خانی کۆکردوونەوە و لە دیمەشق کاری شیکردنەوە – بەپیتی لاتین و عەرەبی- بۆ کوردوون و هەروەها وەرگێڕانە ئاڵمانییەکەشی چاپ کردوە.

سەرکیش ئایکۆنی (١٨٣٨-١٩٠٨) کۆمەڵێک پەندی پێشینیان و قسەی نەستەقی تایبەت بە فۆلکلۆری کورد و ئەرمەنی کۆکردۆتەوە.

هەروەها ئی، نۆئێیل کە ئەفسەرێکی ئینگلیزی بووە(١٩٢٠) پەندی پێشینیانی ناوچەی هەکاری، هۆگۆ مگس زانایەکی ئاڵمانی (١٩٢٦) پەندی پێشینیانی ناوچەی ماردین، ئۆریان تالیست کە کوردناسێکی فەڕەنسی بووە (١٩٣٢) کتێبەکی لەمەڕ فۆلکلۆری کورد و، هەروەها پۆل-مارگرێت و کامەران بەدرخان لە پاریس (١٩٣٧) کتێبێکیان لە ژێر ناوی پەندی پێشینیانی کوردی چاپ و بڵاوکردۆتەوە.

دوای ئەم هەوڵانە، ڕۆژ لیسکۆ (١٩٣٧)، ئیسماعیل حەقی شاوەیس (١٩٣٣)، ئەمینی عەبداڵ و حاجی جندی (١٩٣٦) و مەعروف جیاوک (١٩٣٨) لە بواری کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە لەمەڕ پەندی پێشینیان کار و لێکۆڵینەوەیان کردوە.

تۆفیق مەحموود هەمزە کە بە پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠) (ساڵحی، ١٩٨٣) ناسراوە، لەو کەسانە بووە کە بۆ یەکەمجار پەندی پێشینیانی لە زمانی کوردیدا لە قەوارەی پەڕتووک و لە ژانری شێعردا کۆکردۆتەوە یان هۆنیوەتەوە و دواتر کۆکراوەی شێعرەکانیشی بە پەندەکانی پیرەمێرد ناویان دەرکردوە. ئەگەرچی پەندە-شێعرییەکانی پیرەمێرد پرشوبڵاو بوون و لێرەولەوێ بڵاوبوونەوە، بۆ وێنە لە ڕۆژنامەی ژیان(دەیەی ١٩٣٩)دا (١٩٣٢)، لە ناو دیوانە شێعر و نووسینەکانیدا، بەڵام لە ساڵەکانی ١٩٧٠دا کاکەی فەللاح کۆی ئەم شێعرانەی لە قەوارەی پەڕتووکێکی چەند بەرگیدا کۆکردۆتەوە و بەم شێوەیە ئەو بەرهەمەی پیرەمێرد، لە جیاتی هۆنینەوەی پەندی پێشینیان لە شێعردا، ناوی پەندەکانی پیرەمێرد لێ نرا.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم قامک لەسەر بابەتی هۆنینەوەی پەندی پێشینیان لە شێعردا دانێم کە دەکرێ ناوی پەندەشێعریان لێ بنرێ. لە پاش پیرەمێرد، هێندێک کەسی دیکەش وەک مەلا غەفووری دەباغی -دیارە پتر بۆ پاراستن و پەرەپێدان یان زیندووڕاگرتنی پەندەکان- هەوڵیان داوە کە پەندی پێشینیان لە قەوارەی دیوانەشێعر یان شێعردا بڵێنەوە. دیارە لەگەڵ ئەوەدا کە پیرەمێرد و مەلا غەفووری دەباغی و – زۆر کەسی دیکەش کە من هەروا بە دەنگ یان بە نووسراوی بێ ناوونیشان پەندەشێعرەکانیانم بیستوون یان خوێندوونەوە-، پەندەکانیان بە شێوەیەکی جوان و شیرین لە قاڵبی شێعردا هۆنیوتەوە کە پەندەکان بە شێوەیەکی زیندوو لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا بڵاوبوونەوە و خزمەتێکی گەورەیان بە زمان و ئەدەبی زارەکی کردوە، بەڵام، ئەو مەترسی و گرفتەشی بۆ خوێنەری کوردی بەرهەم هێناوە کە بۆ وتن یان فێربوونی پەندێک ناچار بووە سەرلەبەری کۆپلەشێعرەکانی لەبەر بکا یان فێری بێ. جگە لەوەش جاری وا هەیە دوو یان چەند پەند لە کۆپلە شێعرێکی کورتدا گونجێندراون و پەندی سەرەکی یان مەبەست بە ڕووتی بە دەستەوە نادا و لە کاتی وتن یان بەکارهێنانی پەندەکاندا تووشی سەرلێشوان و ئاڵۆزی دەربڕین دەبێ. گرفتێکی دیکە لەم کارەدا ئەوەیە کە هێندێک وشە و شێوازی ڕستەیی پەندەکان بۆ پاراستنی وەزنی شێعرەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە یان جێیان گۆڕاوە کە ئەوەش لە ساغکردنەوەی پەندەکان و گونجاندنیان لە دەقی دیکەدا کارێکی ساکار نییە. لەگەڵ ئەوانەشدا، دەکرێ کۆکراوەی پەندەشێعرەکانی پیرەمێرد وەک یەکەم بەرهەمی کۆکراوەی پەندی پێشینان لە چوارچێوە و قەوارەی پەڕتووکدا بێتە ئەژمار (ئاشنا، ٢٠٠١، ل. ٦٢) (ئەبووبەکر، ٢٠٠٥، ل.١٧).

لە ساڵی ١٩٦١ لە وڵاتی ڕووسیەدا، لێکۆڵەرێک بە ناوی کوردۆییف، کۆمەڵە تێکستێکی لە زاری کوردی سۆڤیەتدا بڵاوکردۆتەوە کە نزیکەی ٣٥٠ پەندی پێشینیانی تێدا گونجاندووە. هەروەها لە ساڵی ١٩٦٢ کتێبێکی سەبارەت بە چیرۆک و گۆرانی کوردی لە شاری مسکۆ چاپ و بڵاوکراوەتەوە (ئەبووبەکر، ٢٠٠٥، ل. ١٧).

لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا، عەللائەدین سەجادی بە گونجاندنی خەرمانێک پەند و ئیدیۆم لە کتێبی ڕشتەی مرواری (١٩٥٧)دا یارمەتییەکی زۆری بەوە کرد کە لە جاران زیاتر گرینگی بە پەند و ئیدیۆمی کوردی بدرێ و سەرنجی خوێنەر و نووسەرانی بۆ گونجاندنی پەند و ئیدیۆمەکان لە دەقدا ڕاکێشا. گرینگی کتێبی ڕشتەی مرواری هەر بە کۆکردنەوە و بەکارهێنانی پەند و ئیدیۆمەکان لە دەقدا ڕاناوەستێ، بەڵکە ئەم هەوڵەی سەجادی یارمەتییەکی زۆری داوە بە تێگەیشتنی ڕاست و دروست لە پەند و ئیدیۆمەکان لە گێڕانەوە و دەقدا. دەتوانین بێژین کتێبی ڕشتەی مرواری (سەجادی، ١٩٥٧) لە لایەک گونجاندنی پەند و ئیدیۆمەکان بوو لە دەق و گێڕانەوەی کوردیدا و لە لایەکی دیکەش یارمەتییەکی بەپێز و گرینگ بوو بۆ تێگەیشتن لە واتای قووڵ – کانتێکست-ی ئیدیۆم و پەندەکان و جگە لەوەش جوانکاری و ڕەوانبێژی لە دەقدا. کارێکی لەم چەشنە، واتە کۆکردنەوە و تێئاخنینی پەندی پێشینیان لە دەق و ژانرە ئەدەبییەکاندا لە زمانەکانی دیکەشدا، وەک سپانیای لە لایەن کەسێکی وەک میگوێل دی سێرڤانێس Miguel de Cervantes (١٥٤٧-١٦١٦) بە دۆن کیخۆت Don Quixote (١٦٠٥)، لە زمانی ئینگلیزیشدا ویلیام شێکسپیر William Shakespeare (١٥٦٤ – ١٦١٦) یان ئیڤار ئۆسنIvar Aasen  (١٨١٣-١٨٩٦) و هێنریک ئیبسن Henrik Ibsen (١٨٢٨ – ١٩٠٦) لە زمانی نۆرویژی و لە بەرهەمەکانیدا کراوە کە نەک هەر لەو زمانانە، بەڵکە لە ئاستی دنیادا گرینگی و سەرنجی تایبەتییان پێ دراوە.

وێڕای گشت ئەو هەوڵانەی باسمان کردن، هەمدیسان مێژووی بەرهەمهێنانی فەرهەنگێکی پەندی پێشینیان و ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ناگەڕێتەوە. محەممەدی خاڵ (١٩٥٧) لە یەکەم کەسەکان بوو کە کۆکراوەیەکی لە قەوارەی فەرهەنگێکدا بە ناوی پەندی پێشینیان بڵاوکردۆتەوە. لە دوای ساڵەکانی ١٩٨٠-ەوە کۆمەڵە کۆکراوەگەلێکی وەک: مشتاخا چیا ژ گوتنێن پێشینا، (دێرشەوی، ١٩٨٠)، کانی (قەرەنی، ١٩٨٤)، پەندی پێشینیان و قسەی نەستەقی کوردی (ڕەسووڵ، ١٩٨٤) و دواتریش لە دوای ساڵەکانی ٢٠٠٠-ەوە ئەم ڕەوتە بە چڕوپڕی هەروا درێژەی هەبووە کە وەک دوایین کار و هەوڵ لەم بوارەدا دەتوانین ئاماژە بە چەند فەرهەنگ بکەین: دەستەواژەکانی مرۆڤ (یەعقووب، ٢٠٠١)، دەشتی هەولێر (جوتیار، ٢٠٠٥)، فەرهەنگی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا (کانەبی، ٢٠٠٥)، پەندی کوردی لە باخچەی گەردی (گەردی، ٢٠٠٦)، فەرهەنگی زارەکی موکریان (پایانیانی، ٢٠٠٦)، پەندی کوردی (دەشتەکی، ٢٠٠٧)، مەسەلەی کوردەواری (خدر، ٢٠٠٧) فەرهەنگی پەندی کوردی (زارعی، ٢٠١٠ ٢ ٢٠١٦) و زەردەی دەم کەل (موحەممەدی، ١٣٩٤)، چیا مازی (٢٠١٤)، (٢٠١٨) ، مەهمەت ئۆنجوو (٢٠٠٧)، (٢٠١٥)، (٢٠١٩)، (٢٠٢٠) و هەروەها گەورەترین هەوڵ کە لە باکووری کوردستان لەم ساڵانەی دواییدا چاپ و بڵاو بۆتەوە،

بەرهەمی مەهمەت ئۆنجوویە کە پەڕتووکی گۆتنێن پێشییان ( ئۆنجوو٢٠٢٠)-ە و لە پەنجا هەزار پەند، بوێژ، ئیدیۆم و دەق و هۆنراوەی کولتووریی پێکهاتووە.

لەگەڵ ئەم هەوڵانەدا، پەندی پێشینیان لە دەرەوەی کوردستان و هەروەها لە زمانەکانی دیکەشدا لێکۆڵینەوە و سەرنجی دراوەتێ، بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بە د. شوکریە ڕەسووڵ (١٩٨٤) لە زمانی ڕووسیدا، ئەوین مەولوود (٢٠١٧) و بایز Enayati (٢٠١٤) لە زمانی ئینگلیزیدا بکەین.

## بۆچی پەندی پێشینیان و ئیدیۆم؟

کاری لێکۆڵینەوە لەمەڕ پەندی پێشینیان پێی دەگوترێ پارەمیۆلۆژی paremiology (Lauhakangas، ٢٠١٤، ل. ٥٩). ئەم چەمکە لە زمانی یۆنانییەوە و لە ڕیشەی وشەی پارۆیمیا (paroimia – παροιμία) وەرگیراوە. ئەم چەمکە بۆ لێکۆڵینەوە، کۆکردنەوە و توێژینەوە لە هەموو بوارەکانی پەندی پێشینیان کەڵک لە چەمکی پارەمیۆلۆژی وەردەگیردرێ و کەسێک کە لەم بوارەدا کار دەکا پێی دەگوترێ پارۆمینەنت (Kurmanali، ٢٠١٨).

پەندی پێشینیانیش یەکێکە لەو بابەتانەی کە لە زمانەکانیتری وەک زمانی ئینگلیزیدا بایەخێکی زۆری پێدراوە. مەیدەر (Meider، ٢٠٠٤) ئاماژە بە ڕێژەیەکی زۆری لێکۆڵینەوەکان دەکا و دەڵێ ساڵانە بەسەدان کاری لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەیی لە بواری پەندی پێشینیاندا دەکرێ. زیاتر لە ١٠،٠٠٠ (دەهەزار) لێکۆڵینەوە سەبارەت بە پەندی پێشینیان و ٤٠٠ (چوارسەد) کۆکراوە و فەرهەنگی پەندی پەندی پێشینیان بە زمانە جۆراوجۆرەکان لەبەر دەستە. ئەم ژمارانە دەریدەخەن کە بابەتێکی پەندی پێشینیان گرینگی تایبەت بەخۆی لە زمان و کولتووردا هەیە. ئەو لێکۆڵینەوانەی کراون بەگشتی بەسەر ئەم چەشنانەدا دابەش دەکرێن: پۆلێنەکردنی پەندەکان، شیکردنەوەی پەندەکان، دۆزینەوەی بەسەرهات و سەرچاوەی پەندەکان، دۆزینەوەی هاوتای پەندەکان، شتیەڵکردن و شیکاری پێکهاتە و باری زمانەوانی پەندەکان و هەروەها وەرگێڕان یان کۆکردنەوەی پەندەکان وەک فەرهەنگێکی سەربەخۆ.

مێژووی پەندی پێشینیان بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. مرۆڤ لە کۆنەوە هەوڵی کۆکردنەوە و نەفەوتانی پەندی پێشینیانی داوە. توێژەرگەلێکی وەک لیندا و فلاوێل (٢٠١١) مێژووی کۆکردنەوەی پەندی پێشینیان دەگەڕێننەوە بۆ پێنج سەدە بەر لە زایین، بەڵام زۆر کەس مێژووی کۆکردنەوەی پەندی پێشینیان دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی حەوت سەدە بەر لە زایین. هێندێکیش ئەم مێژووە دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن و پێیان وایە لە زمانی یۆنانی و لە زەمانی ئەرەستووە دەست بە کۆکردنەوە و لێکدانەوەی پەندی پێشینیان کراوە. ئەم ڕێچکەیە لە سەردەمی ئیفلاتوون و تەنانەت دوای ئەویش هەروا بەردەوام بووە و گەلێک نووسەر و بیرمەندی دیکەی یۆنانی لەم بوارەدا کاریان کردوە (Mieder، ٢٠٠٤، ل. ١٠). ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە درەنگ یان زوو، زۆربەی زمانەکانی دنیا دەستیان داوەتە کۆکردنەوە و پاراستنی پەندی پێشینیانی زمانەکەیان بۆ ئەوەی لە فەوتان بیانپارێزن.

بەسەرنجدان بەم مێژووە دوور و درێژەی کۆکردنەوە و پاراستنی پەندی پێشینیان، بۆمان دەردەکەوێ کە پەندی پێشینیان لە لایەن تۆرمەکانی پێشووتریشەوە گرینگی پێدراوە. دەکرێ هۆکاری ئەم گرینگی

- هاوتای پەندەکان خاڵە هاوبەشە کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کورد دەردەخەن و بەڵگەن بۆ ئەوەی کە نەتەوەی کورد لە ڕابردوودا تێکەڵاوی و هاوشێوەیی کۆمەڵایەتیی بەهێز و چڕوپڕی هەبووە. ئەم بەشە دەکرێ ببێتە هەوێنی لێکۆڵینەوە لەمەڕ کولتوور و کەلەپووری کورد کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە ناسنامەی نەتەوەیی تاکی کوردەوە.

## ١٠. فەرهەنگۆکی وشە

لە دوابەشی ئەم فەرهەنگەدا بەشێکی کورت و بچکۆلە بۆ واتای و شرۆڤەی وشەکان تەرخان کراوە. هەروەک ئاماژەی پێ کرا، شیکردنەوەی پەندەکان بێ گیروگرفت نییە. زۆرجار شیکردنەوەی پەندەکان بەپێی ڕوانگەی تاکەکەسی و خودی بێژەر، نووسەر یان کۆوەکەر دەتوانێ ئەو گرفتەی لێ بکەوێتەوە کە شیکردنەوی پەندەکان چوارچێوەدار و تاکڕەهەندیین. بە هۆی ئەوە کە ڕوانگەکان و باگراوندی تێگەیشتنەکانی خوێنەر و بەردەنگەکان لە یەکتری جیاواز و فرەچەشنن، بۆیەش دەکرێ خوێندنەوە و تێگەیشتنی جۆراوجۆر بۆ پەند و ئیدیۆمەکان بکرێن. فەرهەنگۆکی وشە لەم فەرهەنگەدا پتر بۆ ئەو مەبەستە دانراوە تا خوێنەر و بەردەنگی ئەم فەرهەنگە دەستی ئاوەڵا بێ لە شیکردنەوە و تێگەیشتنی پەند و ئیدیۆمەکاندا بە بیر و ئەزموونێکی ئازاد و کراوەوە. بە واتایەکی ڕوونتر، کاتێک خوێنەر لە پەند یان ئیدیۆمێک تێناگا یان تووشی وشەیەک دەبێ کە واتاکەی نازانێ، دەتوانێ سەردانی فەرهەنگۆکەکە بکا و بەپێی واتای وشەکان تێگەیشتنی خۆی لە پەند یان ئیدیۆمەکە هەڵێنجێ. تەنیا ئەو تێبینییە پێویستە کە ڕەنگە واتا و مەبەستەکانی ئەو کەسە لە فەرهەنگی وشەکەی هەڵدێنجێ تەواو ڕاست نەبن، چونکە واتای وشەکان لە فەرهەنگێکدا ناتوانن وڵامدەری واتای کەرتەکانی پەند و ئیدیۆمەکان بن، بەڵام دەکرێ بە یارمەتی ئەم فەرهەنگۆکە خوێنەر تاڕادەیەک لە واتاکەی پەند و ئیدیۆمەکان نزیک بێتەوە.

بۆ بەشی فەرهەنگۆکەکە کەڵکم لە چەند سەرچاوەیەک وەرگرتووە کە لە کۆتایی فەرهەنگۆکەکەدا ناویان هاتووە، بەڵام خودی پەندەکان و ئەم فەرهەنگە بنچینە بووە بۆ ئەوەی واتای وشەکان چۆناوچۆن دانێم. نایشارمەوە کە هەر دوو فەرهەنگی وشەی هەنبانەبۆرینەی مامۆستا هەژار موکریانی و فەرهەنگی خاڵی مامۆستا شێخ محەممەدی خاڵ بۆ شیکردنەوە و دۆزینەوەی واتای زۆربەی وشەکان بنەما و بنچینە بوون.

بنچینەیەکی دیکە کە بۆچی کۆمەڵێک وشەی تایبەتیی لەم فەرهەنگۆکەدا هاتوون ئەوە بوو کە بە پێی ئامار و ڕێژەیەک کە لەبەر دەستمان بوو، لەم فەرهەنگەدا ئەم ڕیزە وشەگەلە زۆرترین جار دووپات بوونەوە و هەر بۆیەش بە پێویستم زانی واتای ئەم وشانەی کە لە پەندی پێشینیان و ئیدیۆمی کوردیدا باون ڕوون بکەمەوە. تا هەم زانیاری لەمەڕ وشەگەلی باو و گرینگ لە زمانی کوردیدا بخەمە ڕوو و هەمیش زانیاری لەسەر پێکهاتەی زمانەوانیی و وشەیی لە پەند و ئیدیۆمەکان لەبەر دەست بێ. لە خوارەوە و لە سێ خشتەی سەربەخۆدا ڕێژەی ئەو پیتانەی کە بە شێوەی سەربەخۆ، وشەکان و هەروەها دوو وشە کە لە تەنیشت یەکتری یان لەگەڵ یەکتری هاتوون خراونەتەڕوو:

له خشتەی ژمارە ٥ دا ڕێژەی دووپاتبوونەوەی ئەو پیتانە دیاری کراوە کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە جیاتی وشەیەک، ناو یان پاشگر یان هەر فۆڕمێکی دیکە لە پەند و ئیدیۆمەکاندا هاتوون.

| ژمارە | پیت (تەک پیتی) | ڕێژە بە ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | و | ٨٠٤٤ |
| ٢ | ب | ٣٤١٢ |
| ٣ | ل | ٢٩٠٥ |
| ٤ | ژ | ٢٨٥٦ |
| ٥ | د | ١٤٢٠ |
| ٦ | ۆ | ٢٤٠ |
| ٧ | ج | ٢١٠ |
| ٨ | م | ١٦٢ |
| ٩ | ت | ١١٨ |
| ١٠ | ک | ٧٧ |

خشتەی ژمارە ٥

ئەم خشتەی خوارەوە ڕێژەی ئەو وشانەی خستۆتە ڕوو کە زۆرترین جار دووپاتە بوونەوە.

| ژمارە | وشە (یەک وشە) | ڕێژە بە ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | لە | ٨٨٩٦ |
| ٢ | بە | ٧١٠٢ |
| ٣ | بێ | ٢٧٥٠ |
| ٤ | سەر | ٢٥٠١ |
| ٥ | نە | ٢٤٠٤ |
| ٦ | هەر | ٢٣٧٢ |
| ٧ | وە | ٢٣٧٢ |
| ٨ | خوە | ٢٢٩٧ |
| ٩ | بۆ | ١٨٩٨ |
| ١٠ | من | ١٦٥٣ |

خشتەی ژمارە ٦

ئەم خشتەیەی خوارەوە ڕێژەی دووپاتبوونەوەی دوو وشە یان وشەی لێکدراوی زۆرترین جار دووپاتە بووەوە لە فەرهەنگەکەدا نیشان دەدا.

| ژمارە | دوو وشە (جووت وشە) | ڕێژە بە ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | **ل سەر** | ٣٣٤ |
| ٢ | **لە سەر** | ٢٩٥ |
| ٣ | **هەر کەس** | ٢٤١ |
| ٤ | **ل بەر** | ٢١٩ |
| ٥ | **لە بەر** | ١٦٧ |
| ٦ | **لە ناو** | ١٤٨ |
| ٧ | **بە سەر** | ١٦٤ |
| ٨ | **خوە ڕە** | ١٢١ |
| ٩ | **ها لە** | ١١٧ |
| ١٠ | **خوە ب** | ١١٠ |

خشتەی ژمارە ٧

## ١١. سەرچاوەکانی پێشەکی

کوردی


١. ئاشنا، ئۆمێد، ٢٠٠١، پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی نوێی ژیان و بەرهەمەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٢. ئوسولیان، فازڵ، ٢٠١٥، ناسنامەی زمانی کوردی، لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانییە لەسەر مێژووی زمانی کوردی و شێوەزارەکانی، بەرگی سێهەم، بەشەکانی ٧-١٠، ڕەوشی زمانی کوردی لە پاش دەسەڵاتداری مادەکان!، سوید.

٣. ئەمین زگی، محەممەد، ١٩٦١، خلاصه تاریخ الکرد و کردستان من اقدم العصور التاریخیه حتی الان، محمد علی عونی، الجز الاول، بغداد، ل ٣١٦.

٤. ئەبووبەکر، سەدرەدین نورەدین، ٢٠٠٥، بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، لێکۆڵینەوە و ڕەخنە، کۆکردنەوە و ئامادەکردن، چاپی یەکەم، هەولێر.

٥. ئیبراهیمی، عەبدوڵڵا، ٢٠١٢، کاوە، فەرهەنگی فارسی-کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، هەرێمی کوردستان.

٦. بدلیسی، میرشەرەفخان، ٢٠٠٦، شەرەفنامە، مێژووی ماڵەمیرانی کوردستان، وەگێڕانی مامۆستا هەژار، چاپی سێهەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، کورستان.

٧. بیروەندی، عەلی، ٢٠٠٨، فەرهەنگی وتەی تەنزی ناوداران، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٨. ساڵحی، ڕەفێق، پەندەکانی پیرەمێرد، چاپی دووهەم، بڵاوگەی هەژار، سنە، ١٣٩٣.

٩. سەباح، ڕەوەند، ٢٠١٦، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، پاشکۆی بەرگی ٢٠، ژمارە ٤.

١٠. سەجادی، عەلائەدیین، ١٩٧٨، دەقەکانی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

١١. دێرشەوی، مەلا مەحموودێ، ١٩٨٠، مشتاخا چیا ژ گوتنێن پێشنیا، بەغداد.

١٢. شێخانی، عەبدولوەهاب، ٢٠٠٩، فەرهەنگی شێخانی، دەرزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپی یەکەم، هەولێر.

١٣. ڕەسوڵ ئیبراهیم، شوکریە، ١٩٨٤، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەشی دووهەم، هەولێر.

١٤. ڕەسوڵ، ئیبراهیم، شوکریە، ١٩٨٤، پەندی پێشینیان و قسەی نەستەقی کوردی، جەلال تەقی لە ڕووسییەوە کردویەتی بە کوردی، هەولێر.

١٥. زارعی، ئیسماعیل (ڕەند)، ٢٠١٠ (٢٠١٦)، فەرهەنگی پەندی کوردی، دەزگای موزیک و کەلەپووری کوردی، هەولێر، (چاپەمەنی مانگ، بانە).

١٦. زامدار، مەحموود، ١٩٧٨، فەرهەنگی لەک و لوڕ، دانان و کۆکردنەوەی حەمیدی ئێزەدپەناە، لێدوان و بەراوردکردنی مەحموود زامدار، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

١٧. حەبیب الله، جەماڵ (بێدار) ٢٠٠٦، وەرقوڵ، فەرهەنگێکی هۆرامیی – سۆرانی یە، بەرگی یەکەم و دووهەم، سپیرێز، دهۆک.

١٨. حەمەڕەشید، عەلی، ٢٠١٧، ماڵپەڕی ئیمرۆ، تاکەکەسی عەلی حەمەڕەشید، https://www.emrro.com/giyandaranlep.htm ، ڕێکەوتی وەرگرتن، ٢٠٢٠،٧،٢٤.

١٩. حسەین، شیلان عومەر، ٢٠٠٩، ئیدیۆم چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانە: ڕەنج، سلێمانی.
٢٠. خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا، ٢٠١٤، زار و زمان، چاپی دووهەم - زیادکراو و پوختکراو، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
٢١. عەبدوڵڵاپوور، هەژیر، ٢٠٠٨، فەرهەنگی هەژیر، فارسی-کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، دهۆک.
٢٢. علیزاده، علی اکبر، هەمگە واتەی پیشنان کوردی کەڵهوڕی، امثال و حکم کردی، مجموعه‌ای از امثال، کنایات، اصطلاحات و جملات زبانزد عامیانەی کردی، چاپ دوم، ١٣٩٦، کرمانشاه.
٢٣. عەلیزادە، خالید، دیاری تیلەکۆ، پەند و مەتەڵ و قسەی پێشینیان، خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی پەند و مەتەڵ لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی گوتار، چاپی دووەم، ١٣٩٤.
٢٤. قازی، ئەحمەد، ١٣٩٥، زاراوەی زبانی کوردی، چاپی یەکەم، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی گوتار، کوردستان، سەقز.
٢٥. کانەبی شەریف، عەبدولوەهاب، ٢٠٠٥، فەرهەنگی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپەمەنی ڕوون، سلێمانی.
٢٦. کوردۆیف، قەناتی کوردۆ، (١٩٧٦)، کۆمەڵە تێکستێکی فۆلکلۆری کوردی. بەغداد.
٢٧. خدر، د. عەبدوڵڵا، ٢٠٠٧، مەسەلەکانی کوردەواری، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٢٨. پایانیانی، سەلاح، ٢٠٠٦، فەرهەنگی زارەکی موکریان، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم.
٢٩. قەرەنی، ئەحمەد، ١٩٨٤، کانی - کۆمەڵە تێکستین فۆلکلۆرینە کۆمکردن و بەرهەڤکرنا.
٣٠. گەردی، حەمید، ٢٠٠٦، سامان و پەندی گەردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی دووهەم، هەولێر.
٣١. گەردی، حەمید، ٢٠٠٦، پەندی کوردی لە باخچەی گەردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر.
٣٢. جوتیار، خالید، ٢٠٠٥، دەشتی هەولێر، وەرزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر.
٣٣. یەعقووب، دێدەوانی، ٢٠٠١، دەستەواژەکانی مرۆڤ - ئامادەکردن و ڕیزبەندی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٣٤. خاڵ، شێخ محەممەد، ١٩٥٧، پەندی پێشینیان، کۆکردنەوەیان و ڕاستکردنەوە و لێدانەوە و چیرۆک بۆ نووسین یان بە قەڵەمی: شێخ محەممەدی خاڵ، ئەندامی کۆڕی زانیاریی عێراقی و جێداری، سەرۆکی کۆڕی زانیاریی کورد، چاپی یەکەم، سلێمانی.
٣٥. مستەفا ڕەسووڵ، عیزەددین، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، لێ کۆڵینەوە، چاپخانەی دارالجاحز، بەغدا، ١٩٧٠.
٣٦. مەحموود، جەلال، (عەلی سوبحانی)، ١٩٨٠، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، کۆماری عیراق، وەرزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، دەرزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، زنجیرەی کەلەپوور، ١. بەغدا.
٣٧. مەحموودی، تالب، کان قسە، پەندی پێشینیان (ناوچەی ئەردەڵان)، چاپی یەکەم، ١٣٩٣، سنە، شاری کتێبی کانی، بڵاوکەرەوی زانست.
٣٨. نانەوازادە، عەلی، ٢٠٠٥، فەرهەنگی کوردیی هەرمان، چاپی دووهەم، کوردستان، هەولێر.

٣٩. هەژار، مامۆستا (عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی، ١٣٦٩، هەنبانەبۆرینە، فرهنگ کردی-فارسی، چاپ اوّل، سروش، تهران.

٤٠. Oztûrk, Mustafa, Vekolînek derbarê Gotinên Peşiyan ên Kurmancî de, Mukaddime, ٢٠١٥, ٦ (٢), ٣١٩ – ٣٣٧.

٤١. Mazî, M. Çiya, Ferhenga gotinên pêşyan, Çapa duhemin, Weşanxaneya berbang, Stenbol ٢٠١٨.

٤٢. Mazî, Çiya, Baxek ji folklora kurdî ji derdora mêrdîn, Berbang, Çapa yekem, Gulan ٢٠١٤, Îstanbul.

٤٣. Oncû, Mehmet, Çîrokên Kurdan II., Çapa Yekê, Weşanên Doz, Îstanbul, ٢٠٠٧

٤٤. Oncû, Mehmet, Ferhenga biwêjan, Van, Sitav Yayinlan, ٢٠١٥.

٤٥. Oncû,Mehmet, Di gotinên pêşyên kurdan de jin, Van, Sitav Yayinlan, ٢٠١٩

٤٦. Oncû, Mehmet,١٠١ gotinên pêşiyan ١٠١ çîrok, Nûbihar, Istanbul ٢٠١٩.

٤٧. Oncû,Mehmet, gotinên pêşyên, Wêîanên enstşttituya kurdî ya stenbolê, Çapa duyem, Îstanbul, ٢٠٢٠

٤٨. Oncû,Mehmet, gotinên pêşyên, Aankara, Sitav Yayinlan, ٢٠٢٠

ئینگلیزی

٤٩. Elmer, L. Towns (٢٠٠٦), Prayng The Proverbs, jo belive your way to success, Praying Ecclesiastes, jo avoid trouble and sin, Praying The Song Of Solomon, jo learns the meaning of love, Destiny Image Publishers, Inc.

٥٠. Bryanjulf, Alver, ٢٠١٩, https://snl.no/tre_-_٣

٥١. John W. Miller (٢٠٠٤), Believers Church Bible Commentary Proverbs, Herald press, Scottdale, Pensylvania, Waterloo, Ontario.

٥٢. Linda And Flaverll, Roger ٢٠١١ (١٩٩٣), Dictionary of Proverbs and their Origins, Kyle Books, London, WID ٤AY.

٥٣. Mieder, Wolfgang (٢٠٠٤) Proverbs: A Handbook, Greenwood Folklore Handbooks, GREENWOOD PRESS, Westport, Connecticut, London

٥٤. Mieder, Wolfgang (٢٠١٥) Essays on the Proverb, Edited by Wolfgang Miyeder, Routledge, London and New York

٥٥. Jawshani, Ali, ٢٠١٥, Kurdistanica dictionary, English-Kurdish-Persian, First Edition, Volume one, Mang Publications, Bane.

٥٦. , Zdenek, James Standlaw and Nobuko Adachi (٢٠١٢), Language, Culture and Society, an introduction to linguistic anthropology, fifth edition, Westview press, a member of the perseus books group.

٥٧. Mawlood, Aween, ٢٠١٧, Animal Idioms in English And Kurdish: With some pedagogical implications, thesis submitted for the degree of doctor of philosophy at the university of Leicester, School of Enlgish, Universy of Leicester.

٥٨. Sharma, Narinder, ٢٠١٨, Nyayvali Sanskrit Maxims and Proverbs with Eng Trans And notes, https://archive.org/details/NyayavaliSanskritMaximsProverbsWithEngTransAndNotes/page/n٧/mode/٢up

٥٩. Panosian, Tamar, ٢٠٠٧, Armenian – Persian – English proverbs, Louys Publications, Torento, Canada.

٦٠. Attia, Mohammed, ٢٠٠٤, Dictionary of Common English Proverbs, Translated and Explained, more than ١٥٠٠ pieces of wisdom in modern English culture, ) عطية محمد، ٢٠٠٤، قاموس المثال النجليزيه، مترجمه و مشروحه، اكثر من ١٥٠٠ مثل من ذخائر الحكمع فى الثاقة النجليزيه المعاصره).

٦١. Oxford Dictionary of Difficult Words, ٢٠٠١, OXFORD UNIVERSTITY PRESS, Printed in the United States of America.

٦٢. Enayati, Bayez, ٢٠١٤, The Comparative study of Kurdish and Bosnian Proverbs, Urmia Paradis University Iran

٦٣. Campbell, Lyle, (٢٠١٣) ١٩٩٨, ٢٠٠٤, Historical Linguistics – An Introduction, Third Edition, ESINBURGH University PRESS.

٦٤. Dabaghi, Azizollah, Elham Pishbin, Leila Niknasab, ٢٠١٠, Proverbs from the Viewpoint of Translation, Isfahan University, Isfahan, Iran.

٦٥. Ismaeel Ghareb, Mazen, ٢٠١٨, A Semantic Study of Color Metaphors in Kurdish and English: A contrastive Study, Article in social sceinces, June ٢٠١٨, University of Human Development, Sulaymaniyah, Kurdistan Region of Iraq.

٦٦. Kaveh, Chalak, ٢٠١٩, Kurdere, Store Norske Leksikon, https://snl.no/kurdere.

٦٧. Yousefi, Hadi, ٢٠١٢, Comparative Study of Culture in Kurdish and Farsi Proverbs, Article in International Journal of Learning and Development, November, ٢٠١٢, Payame Noor University, Tehran, Iran.

٦٨. Lauhakangas, Outi, ٢٠١٤, ٣ Categorition of Proverbs, Greative Commons Attribution-nonCommercial-NoDerivs ٣,٠ License p.٤٩-٦٧.

٦٩. Sabar, Yona, ١٩٧٨, Multilingual Proverbs in the neo-aramic speech of the Jews of Zakho, Iraqi, Kurdistan. Int. J. Middle East Stud. ٩ (١٩٧٨), ٢١٥-٢٣٥ Pritend in Great Britian.

٧٠. Syzdykov, Kanat, ٢٠١٤, Procedia – Social and Behavioral Sciences, ١٣٦ (٢٠١٤) ٣١٨-٣٢١.

٧١. Zhao, Wen, ٢٠١٣, A Comparative Study of the Deep Structrue of Culture reflected n English and Chinese Social Proverbs, Journal Of Language Teaching and Research, Vol. ٤, No. ٢, pp. ٣٩٢-٤٠٠, Academy PABLISHER Manufactured in Finland.

٧٢. Taylor, Archer, ١٩٣٤, Problems in the Study of Proverbs, The Journal Of American Folklore, Vol. ٤٧, No. ١٨٣ (Jan. – Mars., ١٩٣٤), pp. ١-٢١, Published by: American Folklore Society.
٧٣. MacLean, Arthyr John, ١٨٩٥, Grammer of the Dialects of Vernacular, Oxford, AT THE CLARENDON PRESS, MDCCCCI, LONDON, EDINBURGH, AND NEW YORK.
٧٤. Gorjian, Bahman, ٢٠٠٨, Translating English proverbs into Persian: A case of comparative linguistics. Assistant Professor of Islamic Azad University – Abadan Branch, https://www.semanticscholar.org/paper/Translating-English-proverbs-into-Persian-%٣A-A-case-Gorjian/٦٥٦٤a٤٠a٤٤٨db٢٢٤a٠bebeac٩٥٦٤٨caeaa٩٦fdf٧ (Baker, M. (١٩٩٢). In other words: A coursebook on translation. London: Routledge)
٧٥. Vargas, Jorge, ٢٠١٧, The similarities of proverbs in different countries, https://www.rw-٣.com/blog/the-similarities-of-proverbs-in-different-countries
٧٦. Kamber, Saiwan, Kurdish proverb and sayings, feylî dialect, English translation, First edition, ٢٠١٥
٧٧. Translating Idiom from Kurdish to English According to Mona Bakers strategies, pp. (٢٤٦-٢٥١), Ishik University Lecturer.
٧٨. Kurmanali, Altynashash Aanalysis of the proverbs related to the lexemes tongue – language, ٢٠١٨, Universidad del Zulia https://www.redalyc.org/jatsRepo/٣١٠/٣١٠٥٧٢٩٠٠٤/html/index.html#redalyc_٣١٠٥٧٢٩٠٠٤_ref١٥


**نۆرویژی**


٧٩. Norsksidene.no. https://norsksidene.no/web/PageND.aspx?id=٩٩٦٧٣ له ڕێکەوتی ٢٩.٧.٢٠٢٠ کەڵکی لێ وەرگیردراوە.
٨٠. Eriksen, T. H. & Sajjad, T. A. (٢٠١٥) Kulturforskjeller I praksis – perspektiver på det flerkulturelle Norge. Oslo: Gyldendal Norsk Forlag AS
٨١. Thorbjørnsrud, B. (٢٠١٧) kulturelle fortolkningsrammer. I Rugkåsa, M. & Brodtkorb, E. (Red.) Mellom mennesker og samfunn. Kap. ٧. S. ٢٠١ – ٢٤١. Oslo: Gyldendal Norsk Forlag AS.


**فارسی**


٨٢. ابولواصل، مهدی، ٢٠٠٣، فرهنگ ضربالمثلهای فارسی به چینی، اصطلاحات چینی به فارسی.
٨٣. الماسی، مسعود، زینب بهمنی، مقالان نخستین همایش بین المللی ادبیات کردی (بخش فارسی)، برگزارکننده، پژوهشکده زبان و ادب کردی (دانشگاه کردستان)، چاپ اول، بهار، ١٣٨٩.

٨٤. پارسا، سید احمد، بررسی تطبقی ضربالمثلهای کردی و فارسی، دانشگاه کردستان، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، گروه زبان و ادبیات فارسی، چاپ اول، ۱۳۷۸، دانشگاه کردستان، سنندج.
٨٥. دوستی نیا، علیزرا، بررسی مقابلهای ضرب المثلها در سه زبان، انگلیسی، فارسی و کردی ایلامی، پایاننامه کارشناسی ارشد در رشته زبانشناسی همگانی، دانشگاه ایلام، بهمن ماه
٨٦. جمشیدی پوور، یوسف، ١٩٦٨، فرهنگ امثال فارسی، کتافروشی فروغی، تهران.
٨٧. سهرابی، ڕەزا، جعفر سرپیش ابادی، ۱۳۹۰، فرهنگ گروس، کردی-فارسی، گروسی، سورانی-فارسی، دانشگاه کردستان. سنندج.
٨٨. حیرت سجادی، سید عبدالحمید، ۱۳٦٩، پند پیشینیان همراه با شرح انها بزبان کردی و ترجمه فارسی، جلد اول و دوم، انتشارات صلاح الدین اتوبی. مهاباد.
٨٩. دوستی نیا، علیزرا، بررسی مقابلهای ضرب المثلها در سه زبان، انگلیسی، فارسی و کردی ایلامی، پایاننامه کارشناسی ارشد در رشته زبانشناسی همگانی، دانشگاه ایلام، بهمن ماه ۱۳۵۹
٩٠. علیزاده، علی اکبر، هەمگە واتەی پیشنان کوردی کەڵهوڕی، امثال و حکم کردی، مجموعهای از امثال، کنایات، اصطلاحات و جملات زبانزد عامیانهی کردی، چاپ دوم، ۱۳۹٦، کرمانشاه.
٩١. قازی، قادرفتاحی، امثال و حکم کوردی، انتشارات دانشگاه تبریز، خردادماه ١٣٦٤، چاپ اول.
٩٢. موحەممەدی، خەلیل، ۱۳۹٤، زەردەی دەم کەل، چاپی یەکەم، انتشارات دانشگاه کردستان، سنندج.
٩٣. مهر اموز، غلامرزا، محمد موگویی، ١٤٩٦، ڤانومنپائن نیسأنن و هأنن ڤ لۆری (اموزش نوشتن و خواندن به لری)، تبریز، اختر.
٩٤. یاراحمدی، غلامحسین کرزبر، فرهنگ مردم بروجرد، دفتر پژوهشهای ڕادیو، چاپ اول، تهران، ۱۳۸۷.

**سپاسنامەی تایبەت بۆ هاوکارانی فەرهەنگی ڕەند:**

کورد وتەنی چیا ل بەر چیا سەریان بڵیندە! بێ شک، بەبێ هەوڵ و ماندووبوونی کەسانێتر لە کۆکردنەوە، نووسین و ناردنی پەندی پێشینیان، ئەستەم بوو بەرهەمێکی لەم چەشنەش بکەوێتە قەوەزی پەڕتووکخانەی کوردییەوە! لەوان:

**ئاران ئەمینی Aran Amini**، شاری **بانەBane** – خوێندەواری تا ئاستی دۆکتۆرای زمان و کامپیوتێر هەیە. ئاران زۆر بە خەم پرۆژەکەوە بوو و بەردەوام پەیسەری بەرهەمەکەی دەکرد. گەلێک پێشنیار و سەرنجی وردی لەسەر فەرهەنگەکە هەبوون. لە پێناو دەوڵەمەندتربوون و پاراوبوونی کارەکەدا، هەم گەلێک فەرهەنگ و پەڕتووکی تایبەتیی بۆ ناردم و هەمیش -چونکە بۆخۆی لە بواری کامپیوتێر و زمانەوە شارەزایە- لەو بوارەشدا لە هیچ شتێک درێخی نەکرد و کاری ڕێکوپێککردنی پەندەکان و ڕاگواستنیان لە پرۆگرامی ئێکسلەوە لە ئەستۆ گرت. بە کورتی ئاران هێندەی یارمەتی دام و هێندە بە خەمەوە کە نازانم چی بڵێم تا بتوانم وڵامدەری ئەو گشتە دڵسۆزی و هاوکارییەی بم.

**ئاسۆ مەحموودی Aso Mahmudi**، شاری **مەریوان Marîwan** ، ئاسۆ ماستەری لە computational linguistics -زمانناسیی کۆمپیوتەریدا هەیە. ئەو لە گۆڕینی ئەلفوبێی عەرەبی پەندەکان بۆ سەر لاتین ڕۆڵی سەرەکی هەبوو. لە ڕاستیدا بەبێ هاوکاری ئاسۆ، ئەم بەشە ڕەنگبوو وا زوو تەواو نەبێ و پەکی بکەوێ، بەڵام ئاسۆ بە یارمەتی بەرنامەیەکی کامپیوتێری تایبەت، سەرلەبەری پەندەکانی بۆ سەر لاتین گۆڕین ( کە هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێ درا، بە هێندێک هۆی تەکنیکی بەشی لاتینەکەی بڵاو نەکرایەوە). جگە لەوەش، ئاسۆ، لە هەڵەچنی، پۆلێنە و ڕیزبەندی پەندەکان بە شێوەیەک کە پەند و ئیدیۆمە دووپاتەکراوەکان لە فەرهەنگەکەدا نەمێنن، هاوکارییەکی سەرەکی کردوم.

**میکایل بولبول Mikail Bulbul**، شاری **دیاربکرDîyarbakir**، دۆکتۆرای ڕستەسازی لە زمانی کوردیدا، ناساندنی کۆمەڵێک پەڕتووک بە زاراوەی کرمانجی. مامۆستا میکایل هەم ڕوونکردنەوەی تایبەتیی لەمەڕ شێوەزارەکانی کرمانجیدا بۆ خستمەڕوو و هەمیش گەلێک پێشنیار و ڕوونکردنەوەی وردی لەمەڕ زمانی کوردی و کرمانجی هەبوو. مامۆستا میکائیل بەردەوام بە پێشنیار و ڕێنوێنی تایبەتییەوە پەیسەری پرۆژەکە بوو.

**ڕۆشان لێزگین Roşan Lezigîn** شاری **دیاربکرDîyarbekir**، بە ناردنی سەرچاوە و ناساندنی پەرتووک و ڕاوێژکردن لەمەڕ زاری زازاکی بە گشتی کارکردن لە بواری پەند و ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا هاوکاری کردوم.

**جوتیار نەریمان Jutiar Nariman**، شاری **سلێمانیSuleimanî**، (خوێندکاری ماستەر لە شاری گۆرگان، لە بواری کاریگەری فارسی بەسەر کرمانجی خۆراسانییەوە لە بواری زمانەوانی، ڕێزمان و وشە و ڕستەسازی و هتد کە لە شاری گۆرگان لە ئێران نیشتەجێیە) پێداچوونەوە، هەڵەچنی، کۆکردنەوە و ناردنی پەند و ئیدیۆمی کرمانجی خۆراسانی. کاک جوتیار یارمەتی لە دوو کەسی دڵسۆز لە گۆرگان وەرگرتووە کە

هاوکاری و یارمەتییەکەیان جێی پێزانین و دەستخۆشییە، بەڕێزان: **بەرات** سەعادەت زادە و **مەحموود** قوربانپوور.

